# من و عاشقان



ئەمڕۆ چەن عاشقێکی مێژوو میوانم بوون

هەر یەک داستانی ئەوینی خۆی دەگێڕایەوە

یەکەم خاتوو زین باسی خۆشەویستی خۆی بۆ مەم کرد

لەگەل هەموو وشەیەکدا.... خوێن بە چاویا ئەتکایەوە

دوای ئەو شیرین هەر کە ناوی فەرهادی برد

چی ڕستە بوو لەسەر زاری...وەکو مۆمێک تووایەوە

نۆرەی خەجێ بوو باسی سیامەند کا

کەچی دەنگی خۆی بە قوماتی بێدەنگی پێچایەوە

کاتێ شەم دەستی بە دوواندن کرد

نەی ئەزانی.... تەنها ناوی دێوانە بوو بە لێویەوە!!!!

لەیلا هێشتا چیرۆکی خۆی و مەجنونی تەواو نەکرد

چی ووشەیە، لە ئامێزی خەمگینیدا بورایەوە!!!!

پێش ئەوەی جولیێت بتوانێ باسی خۆی کا

گشت یادگاری یەکانی ڕۆمیۆ.... بە گیانیدا تلایەوە

بەڵام گیانە دڵنیابە....

خۆشەویستی یەکەی من بۆ تۆ..؟

زۆر لەوەی ئەوان بە هێز تر بوو

هەر کە ئاماژەم بە یەکەم پیتی ناوت کرد

خواوەند گیانمی کێشایەوە....!!!!

تێبینی: ئەم تابلۆیە یەکێکە لە تابلۆکانی هونەرمەندی دەستڕەنگین بەڕێز ئەیوب ڕەئوف.

کانی هەڵەبجەیی

هۆڵندا

Kani_awin@hotmail.com